ئازیزانم، سڵاوتان لێ بێ!

کارێکی بەجێ ئەنجام دەدەن و ئەرکێکی ئەخلاقیش جێبەجێ دەکەن، کە یادی ئەو ڕۆڵە بەئەمەکەی کوردستان بەرز ڕادەگرن و هاوچارەنووسیی خۆتان لەگەڵ گەرمێنی ڕەشپۆش نیشان دەدەن. کاوە لە پێناوی ئێمەدا ئەو ڕێیەی هەڵبژارد و لە پێناوی ئێمەشدا سەری خۆی دانا.

کاوە لە ولاتێکدا شەهید کرا، کە نە سیستەمی بەڕێوەبردنی تێدایە، نە دامودەزگە، نە دادگە، نە دەستوور و نە یاسا، هەر بۆیە، نابێ چاوەڕێی بەردادکردنی تاوانبارانی ڕاستەقینە بین. تا حاڵی ئەو "هەرێم!"ە بێسنوور و لەتلەتەی باشوور وەک حاڵی " فولکەی بەتەمای خوا " ی هەولێر بێ، ئەم ئەنفالە کپ و لەسەرخۆیەی سروشت و فەرهەنگ و مرۆڤ هەر بەردەوام دەبێ.

ئەوەی کاوەی شەهید کرد، چڵەپۆپەی دەسەڵاتی نەخوێندەواری سیاسی و مافیای ئابوورییە، کە گەلی باشووری کوردستانی کردووە بە کرێچیی خۆی و وڵاتیشی کردووە بە کۆمپانیایەکی خوێنمژ و سامانمژ و بەهرەمژ و هۆشمژ و ئازادیمژ. تا ئەو دەسەڵاتە رەهایە بمێنێ، دەبێ کاروانی سووری کاوە و سەردەشت و سۆران و دوعاکان هەر بەڕێوە بێ. تا وڵاتمان نەبێتە مەڵبەندی یاسا و هاونیشتمان، تا گەورەیی مرۆڤ، بە گیان و جەستەوە، نەبێتە تەوەری تەوەرەکان، ئەوا لەمەولاش سەید ئەکرەمەکانی بادینان لە زیندانەکاندا دەژاکێن و چاوی هەولێرییان بە فشەدەرمان کۆرە دەکرێن و جادەکانی شاری هەڵمەت و قوربانی بە خوێنی ڕێژوانەکان دەڕەنگێن و کەرکووکی موقەددەس دەخرێتە بەر ١٤٠ ساتۆری زڕتەبۆزان و دەرگەکانی سنووری دەستکرد لەسەر هاوخوێنانی ڕۆژاوامان کونبڕ دەکرێن.

ئەوانەی کاوەیان شەهید کرد، هەر ئەوانەن، کە ڕۆژانە دایک و خوشکانمان دەکوژن و دەسووتێنن، کەسوکارمان بە ڕووداوی هاتوچۆ لە خوێن دەگەوزێنن، گوندەکانمان لە خامۆشی و شارەکانمان لە ژەهرەدووکەڵ هەڵدەکێشن، قوتابخانەکانمان دەکەنە چاڵی جەهل و نەخۆشخانەکانمان پڕتر و پڕتر دەکەن. بکوژانی کاوە هەر ئەوانەن، کە بیست ساڵ پترە زمانی کوردی هەڵدەتەکێنن و نووسەر و هونەرمەند و میدیاکار و شانۆکارانمان زەلیلی دەستی کادیرانی نەخوێندەوار دەکەن.

ئەو دەسەڵاتە، بێ ئەوەی کێشەی سنووری چارە کردبێ، بگاتە هەر بستە زەوییەک، کە بۆنی نەوت و گازی لێ بێ، کونێکی تێ دەکا و بۆڕییەک دادەچەقێنێ و ڕەوە تانکەرێکی تێ بەردەدا!

ئەو دەسەڵاتە تەنیا بۆن بە بنزەوییەوە دەکات و قەت بیر لەوانە ناکاتەوە، کە لەسەر زەوی دەژین!

ئەو دەسەڵاتە گرنگی تەنیا بە کون و بۆڕی و تانکەر دەدا!

سەرەخۆشیم بۆ هەمووان و خشتە گڵینەکانی ماڵی شەهیدیش ماچ دەکەم.

دڵسۆزتان

عەبدوڵڵا پەشێو

هێلسنکی ٢٠١٣/١٢/١٩